
# بایۆنیوز

گۆڤارێکی رۆشبیری زانستی و پیشەیی یە
ەندیکای بایۆلۆجی کوردستان وەرزانە دەری دەکات
ژمارە (٥) سالّی سیّ یەم, بەهاری ٢٠٠٨



# BioNews

# زەرەر و زیانەکانی بیرە

م.نشمیل سعید خضر
بەشی بایۆلۆجی/کۆلیژی زانست/زانکۆی سەلاحەددین


ئەوەی کە ڕاستیەکی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە دروستکەری هەموو بوونەوەر مەی حەرام کردووە و لە چەند ئایەتی قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە و هەڵبەت جیّ ی گومانیش نی یە ئامانج لەمە هەر بە قازانجی مرۆڤە، لە ڕووی زانستیشەوە راستی کاریگەرە خەراپەکانی بیرە بۆ سەر گیانی مرۆڤ بە چەندەها تۆژینەوەی زانستی سەلمێنراوە.

لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی بیرە(کحول) لەناو جەستەدا، بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ ناتوانیّ ئۆتۆمبێل لیبخوریّ کاتیّ کە ڕێژەی کحول لە خوێندا لە نێوان ( ٠,٣ – ١,٠٩ ملگم/مللتر)ە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە هەڵسوکەوتە چەوتەکانی مرۆڤ نیشان دەدات بەرامبەر بە ڕێژەی کحول لە خوێندا بە (ملگم/مللتر):

| ڕێژەی کحول | کاریگەری لەسەر مرۆڤ |
|---|---|
| ٠,٢ | کزبینی شەوانە |
| ٠,٣ | کەمبوونەوەی توانای ووردبوونەوە وە دەست کردن بە چەنەبازی. |
| ٠,٥ | شلەژانی هاوسەنگی نێوان ماسوولکەکان. |
| ٠,٨ | کۆنترۆڵ نەکردنی هەڵسوکەوت و شپرزە بوون. |
| ١,٠٠ | نەمانی توانای قسەکردن و ووردبوونەوە. |
| ١,٥ | نەمانی توانای ڕۆیشتن و شوێن وون کردن. |
| ١,٧ | لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ترسناکی هەیە بۆ خاوەنەکەی. |
| ٢,٠٠ | نەمانی هەڵسوکەوت کردن بە شێوەیەکی سروشتی. |

ئەگەر لەم خشتەیە ووردبینەوە، دەبینین تەنها ٠,٢ ملگم/مل کحول لە خوێندا مرۆڤ تووشی کزبینی شەوانە دەکات بۆ خۆی وە دەورووبەرەکەی دەبێتە بەلا، ئەگەر ئەو ڕێژەیە بگاتە ٠,٣ ملگم/مل ئەوا بیرە خۆرەکە توانای ووردبوونەوەی نامێنی و چەنەبازی و قسەی زۆر دەکات و دەبێتە گاڵتەجاری خەڵك و لە کەسایەتی خۆی دەدات و خۆی سوك و ڕیسوا دەکات.
لەوکاتەی کحول دەگاتە ٠,٥ ملگم/مل لە خوێندا، ئەوا هاوسەنگی نێوان ماسوولکەکان تێك دەچێت و بیرە خۆرەکە بەم لاو بەو لادا دەچێت لە یانەو کووچە و کۆڵانەکاندا وەکو ئەوەی منداڵێك تازە بەسەر پێیان بکەوێت و فێرە ڕۆیشتن بێت، بەڵام کاتێك کە کحول دەبێتە ٠,٨ ملگم/مل بیرە خۆرەکە هەڵسوکەوتی خۆی پیّ کۆنترۆڵ ناکرێت و شپرزە دەبیّ و وەکو شێت وایە، بەڵام ١ملگم/مل کحول لە خوێندا توانای قسەکردن و وورد بوونەوەی بیرە خۆرەکە کەم دەکاتەوە و شەرم دایدەگریّ و بە زەحمەت قسە دەکات و ووشەکان قوت دەداتەوە و ڕستەی پچڕ پچڕ دەردەبڕیّ..



بە کورتی ئەم خشتەیە ئەوەمان نیشان دەدات کە کاریگەرە خەراپەکانی بیرە زیاتر دەبێت بە زیاد بوونی رێژەی کحول لە خوێندا، بە واتایەکی تر، بە زیاتر بیرە خواردنەوە نیشانەکانی ترسناک تر دەبن.



لە بارەی نەخۆشیەکانی پەیوەستیش بە بیرە خواردنەوە، زۆرێك لە توێژینەوە زانستیەکان سەلماندوویانە کە کحول پەیوەندی هەیە بە سەرهەڵدانی جۆرەها شێرپەنجە وەکو شێرپەنجەکانی دەم و قورگ و سورێنچك و جگەر و چەند ئەندامێکی تری لەش. دکتۆر دلاوەر محمد صابر لە کتێبی (نفحات علمیة من القران والسنة) ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو کەسانەی رۆژانە بیرە دەخۆنەوە ئەگەری تووش بوونیان بە شێرپەنجە (١٢) جار زیاترە بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی، هەروەها ئەوەشی نیشان داوە کە کحول یاریدەدەرێکە بۆ دروست کردنی ماددەی نایترۆزەمین (Nitrosamine) لە ناو جەستەدا شایانی باسە ئەو ماددەیە یەکێکە لە بەهێزترین ئەو ماددانەی کە شێرپەنجە دروست دەکەن، لە لایەکی ترەوە کحول ڤیتامینەکانی ناو خۆراك تێك دەدات و ناهێڵێ نەخۆش سوودیان لێ وەربگرێت ئەگەر بیرە خۆر بێت، ئەمەش وا دەکات رێژەی مردن بە هۆی سەکتەی دڵەوە زیاد بێت.



خوێنەری بەڕێز ئەگەر لە وولاتانی ئەوروپا بڕوانین، بۆ نموونە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماریك کراوە کە (٩) ملیۆن کەس (بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ) خویان بە بیرەخواردنەوە گرتووە، ئەمەش ساڵانە دەبێتە هۆی ٢٥ هەزار رووداوی مردن بە کارەساتی ئۆتۆمبێل و ١٥ هەزار کوشتن و خۆکوژی و ٢،٥ ملیۆن حاڵەتی دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسەوە...

لە وولاتێکی وەکو ئەڵمانیاش، لە ماوەی شەشە ساڵدا ملیۆنەها مارکیان خەرج کردووە بۆ میدیاکان و دەزگاکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی پروپاگەندەی ئەوە بکەن بۆ هاووڵاتیان کە رێژەی بیرە خواردنەوە کەم بکەنەوە، ئەوانە لەناکاو مەفرەزەکانی پۆلیس ئۆتۆمبێلەکان لە شەقامەکاندا دەوەستێنن بۆ پێوانی رێژەی کحولی دانیشتووەکان، ئەگەر ئەو رێژەیە لە رادەی کحولی رێگە پێدراو لە لایەن دەوڵەتەوە زیاتر بێت ئەوا ئەو کەسە دەبێت سزا بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت هێشتا نەیتوانیوە ئەو کێشەیە بنبڕ بکات ئەوەتا ساڵانە کارەسات و رووداوگەلێك روودەدەن بە هۆی خواردنەوە..



هەر بۆیەش ئێستا لە هەندێ وولاتەکانی رۆژئاوا پاش ئەوەی کە بۆیان بەدەرکەوت کە بیرە خواردنەوە زەرەر و زیانی زۆری هەیە، ئێستا کاریگەر خەراپەکانی بیرەیان خستۆتە نا وپرگرامی خوێندن و قوتابی و گەنجان هان دەدەن بۆ واز هێنان و خۆ دوورخستنەوە لەم دابە و تەنانەت سەرزەنشت کردنی بیرە خۆرەکانیش بکەن، زۆر سەیرە! ئەوان وا بەرەو ئاراستەی قورئانەکەی ئێمە دێن و

ئێمەش کوێرانە رابردووە رەشەکەی ئەوان بۆ خۆمان دەکەینە داهاتوو!

خوێنەری بەرێز، سەیر لەوەدایە کە برێ کەس بە هەڵە تێگەیشتوون یاخود تێگەیاندراون کە گوایە بیرە بە رێژەیەکی کەم بە سوودە بۆ مرۆڤ! گوایە بیرە توێکڵی جۆی تێدایە و بۆ قەبز بوون باشە، بەڵام زانستیانە سەلمێنراوە کە بیرە بە هیچ جۆرێك ریشاڵی تێدانی یە و ئەوە تەنها پروپاگەندەی کۆمپانیاکانە بۆ رەواج دان بە بەرهەمەکانیان و هیچی تر نا..

باشە، دەبێ سودێك لە کوێدابێ کە ئەگەر تەنها رێژەی ٠,٢ ملگم/مل شادی رۆشنایی لە دیدەکانتدا بکوژێنێتەوە؟ ئەدی ئەو سوودە لە کوێ یە کە ئەگەر کەسایەتی و هاوسەنگیت بشەڵەژێنێ و هەڵێت و پەڵێت بڵێیت و بە نارێکی هەلسوکەوت بکەیت و کاری نادروست ئەنجام بدەیت؟ تەقە لە براکەت بکەیت و ژیانی بخەیتە مەترسی لەناو چوار ریانی شەقامەکاندا خوێنی دۆستەکەت برێژی؟ وەکو ئەوەی کە تەنها چۆلەکەیەکت پێکابێت و لە دواییشدا بە دەستی خۆت مەنزلگات بکەیتە کوتی بەندیخانە! ئەی ئەو سوودە کوا؟ ئەگەر بە خوارو خێچی گوزەر بکەیت و بەم لا و بەولادا برۆی بەسەرخۆشی و ببیتە گاڵتەجاری منداڵان! ملی رێگا بەسەرگەردانی بگریت و بە ئۆتۆمبێلەکەت بکوتیتە ناو ماڵی خەڵك! رۆژانە دەیان بگرە سەدان شووشەی بیرە فرێ بدرێتە سەر شەقام و شۆستە و پەناو کوچەکان و دیمەنە جوانەکانی شار ناشیرین بکرێ و ژینگە پیس بکرێ! ئایا ئەوانە سوودن؟!!!

ئایا خالقی خولقێنراوەکان مرۆڤی بۆ ئەوە خولقاندووە کە بە خۆی خۆی بکاتە سووتەمەنی و گڕ بەرداتە خۆی و کۆمەڵگاو ژینگەکەی و رەوشتە بەرزەکان و بەها جوانەکان بکاتە خۆڵەمێش؟! بەرەو ئاقاری نەفامی و گەمژەیی ملی رێگا بگرێت و بەرەو هەڵدێر.. بەرەو چارەنووسێکی نادیار بچێت؟! یان بۆ ئەوە خولقاوە هەنگاو بەهەنگاو سەرکەوێتە سەر پەیژەکانی ژیان و پێ بگات بۆ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی؟

